*Journal of Language Studies* Vol.8, No.4, 2024, Pages (91-110)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.8.4.5

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# The Aesthetic of Artistic image in the poetries of Faqe Qadri Hamawandi

**Aso Omer Mustafa***
**Kurdish Department, college of education, charmo university**
aso.omar@charmouniversity.org
&
**Ashti Hussein Arif**
**Kurdish Department, college of education, charmo university.**
ashti.hussein@charmouniversity.org

**Received:** 16/ 12/ 2023, **Accepted:** 28/ 1 /2023, **Online Published: 30/4/2024**

## Abstract

ur paper entitled (The aesthetic of Artistic image in the poetries of Faqe Qadri Hamawandi), it analyses and explain the poet's poetries in term of aesthetic the artistic images. So, it illustrates the genius of artistic images that the poet had focused on it and the poet thought that image of poetry is way of expressing the his interior, so his poetries have a good level of aesthetic, in this aspect he got benefit from rhetorical arts especially featuring and metaphor.

Our paper consists of two chapters: first chapter ( the concepts of the paper theoretically demonstrated ) which are three points, the first point is about the concept of artistic images, second point is artistic images and rhetoric and third point is aesthetic of artistic images. Second chapter ( the aesthetic of artistic images of the poet) which are three points, the first point is artistic images of pessimistic, second point is artistic images of love, third point artistic images of nature. The consequence has been illustrated in some points.

**keyword**: aesthetic, beauty, artistic images, pessimistic, love, nature.

* **Corresponding Author**: Aso Omer Mustafa, **Email:** aso.omar@charmouniversity.org
**Affiliation**: charmo University - Iraq

© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

# إستاطيقا الصورة الفنية في أشعار فقي قادر الهموندي

اسو عمر مصطفى

قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة جرمو

و

آشتي حسين عارف

قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة جرمو

**المستخلص**

بحثنا بعنوان (إستاطيقا الصورة الفنية في أشعار فقي قادر الهموندي) الذي يحاول من منطلق الإستاطيقا أن يحلل الصورة الفنية في أشعار الشاعر و تفسيرها، و تبين الجمال الذي يجسد الصورة الفنية. إهتم الشاعر إهتماما كبيرا بالصورة و جعلها طريقة فنية للتعبير عما في داخله و منح أشعاره إستاطيقا عاليا، و في هذا إستفاد من فنون البلاغة و بالأخص التشبيه و الإستعارة و المجاز.

بحثنا يتكون من قسمين: القسم الاول: (تحليل مفاهيم البحث) يتكون من ثلاثة محاور: المحور الأول: تناول (مفهوم الصورة الفنية) و في محور الثاني: تم بيان العلاقة بين الصورة الفنية و البلاغة، و في محور الثالث: تم بيان (إستاطيقا الصورة الفنية). القسم الثاني: (إستاطيقا الصورة الفنية في أشعار الشاعر) يتكون من ثلاثة محاور: المحور الأول: يتكلم عن (الصورة التشائمية) و المحور الثاني: يتكلم عن (الصورة العشقية) و المحور الثالث: يتكلم عن (الصورة الطبيعية) عند الشاعر. و في ختام البحث تم عرض النتائج في عدة نقاط.

**الكلمات الدالة** : استاطيقا، الجمال، الصورة الفنية، التشاءوم، العشق، الطبيعة.

# ئیستاتیکای وێنەی هونەریی لە شیعرەکانی فەقێ قادری هەمەوەندا

پ.ی.د.ئاسۆ عومەر مستەفا

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی چەرموو،چەمچەماڵ، سلێمانی، عێراق

د. ئاشتی حسێن عارف

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە ،زانکۆی چەرموو،چەمچەماڵ، سلێمانی،عێراق

**پوختەی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکەمان بەناونیشانی (ئیستاتیکای وێنەی هونەریی لە شیعرەکانی فەقێ قادری هەمەوەندا)یە، لەڕوانگەی ئیستاتیکییەوە وێنە هونەرییەکانی ناو شیعرەکانی شاعیر شیدەکاتەوە و لێکدانەوەی بۆ دەکات و ئەو جوانییە دەخاتەڕوو، کە وێنە هونەرییەکان بەرجەستەیان کردووە. شاعیر گرنگییەکی زۆری بە وێنە داوە و کردوویەتی بە ڕێگەیەکی هونەری بۆ گوزارشت کردن لەوەی لەناخیدا هەیە و ئیستاتیکایەکی بەرزیشی بە شیعرەکانی بەخشیوە. لەمەشدا زۆر سوودی لە هونەرەکانی ڕەوانبێژیی بینیوە، بەتایبەتی لێکچواندن و خواستن و خوازە.

توێژینەوەکەمان لە دوو بەش پێکدێت: بەشی یەکەم (تیۆریزەی چەمکەکانی توێژینەوەکە) لە سێ تەوەر پێکهاتووە: تەوەری یەکەم باس لە (چەمکی وێنەی هونەری) کراوە، لەتەوەری دووەمدا پەیوەندی نێوان (وێنەی هونەری و ڕەوانبێژی) خراوەتەڕوو، لە تەوەری سێیەمیشدا (ئیستاتیکای وێنەی هونەری) ڕوونکراوەتەوە. بەشی دووەم (ئیستاتیکای وێنەی هونەریی لە شیعری شاعیردا) لە سێ تەوەر پێکهاتووە: تەوەری یەکەم باس لە (وێنەی ڕەشبینی) و لەتەوەری دووەمدا (وێنەی خۆشەویستی) و لە تەوەری سێیەمیشدا (وێنەی سروشت) لای شاعیر کراوە. ئەنجامەکانیش لە کۆتاییدا بە چەند خاڵێك خراوەتەڕوو.

**کلیلە وشەکان:** ئیستاتیکا، جوانی، وێنەی هونەریی، ڕەشبینی، خۆشەویستیی، سروشت.

**پێشەکی :**

توێژینەوەکەمان بەناونیشانی (ئیستاتیکای وێنەی هونەریی لە شیعرەکانی فەقێ قادری هەمەوەندا)یە، لەڕوانگەی ئیستاتیکییەوە وێنە هونەرییەکانی ناو شیعرەکانی شاعیر شیدەکاتەوە و لێکدانەوەی بۆ دەکات و ئەو جوانییە دەخاتەڕوو، کە وێنە هونەرییەکان بەرجەستەیان کردووە. گرنگی توێژینەوەکەمان لەوەدایە، کە ئەو ئیستاتیکایە دەخاتەڕوو کە وێنە هونەرییەکان لە شیعرەکانی شاعیردا پێکیان هێناوە. هۆی هەڵبژاردنیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەم لایەنەوە زۆر بەکەمی کار لەسەر شیعرەکانی شاعیر کراوە.

لە توێژینەوەکەدا میتۆدی وەسفیی شیکاری بەکارهاتووە، لەسەرەتادا میتۆدی وەسفی بۆ خستنە ڕووی لایەنی تیۆری و پاشان میتۆدی شیکاری بەکارهێنراوە بۆ شیکردنەوە و خستنەڕووی ئەو ئیستاتیکایەی وێنە هونەرییەکانی ناو دەقە شیعرییەکان پێکیان هێناوە.

توێژینەوەکەمان لە دوو بەش پێکدێت: بەشی یەکەم (تیۆریزەی چەمکەکانی توێژینەوەکە) لە سێ تەوەر پێکهاتووە: تەوەری یەکەم باس لە (چەمکی وێنەی هونەریی) کراوە، لەتەوەری دووەمدا پەیوەندی نێوان (وێنەی هونەریی و ڕەوانبێژی) خراوەتەڕوو، لە تەوەری سێیەمیشدا (ئیستاتیکای وێنەی هونەریی) ڕوونکراوەتەوە. بەشی دووەم (ئیستاتیکای وێنەی هونەریی لە شیعریی شاعیردا) لە سێ تەوەر پێکهاتووە: لە تەوەری یەکەم باس لە (وێنەی ڕەشبینی ) و لەتەوەری دووەمدا (وێنەی خۆشەویستیی) و لە تەوەری سێیەمیشدا (وێنەی سروشت) لای شاعیر کراوە.

## بەشی یەکەم: تیۆریزەی چەمکەکانی توێژینەوەکە

### تەوەری یەکەم: چەمکی وێنەی هونەریی

وێنەی هونەریی یەکێکە لە بنەما هونەریی و ئیستاتیکییەکانی شیعر و گرنگییەکی زۆری لە بەرجەستەکردنی جوانیی لە شیعردا هەیە. وێنەی هونەریی نەك تەنیا یەکێکە لە پێکهاتەکانی شیعر، بەڵکو سەراپای پرۆژەی شیعری دەگرێتەوە، ئامرازی گواستنەوەی ئەزموونی شاعیرە و هۆکاری گەشەسەندنی دەقی شیعریی و ترۆپکی داهێنانە، بەهاکەشی لەوەدایە, کە هەمیشە لە جوڵە و گۆڕاندایە، بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە، دەشێت شاعیر هەمان زمان، هەمان ئاواز بەکاربهێنێت، بەڵام هەرگیز ناکرێت هەمان وێنەی هونەریی دووبارە بکاتەوە. وێنەی هونەریی لە خەونە قووڵەکانی شاعیرەوە لە دایك دەبێت و لە ڕێگەی وشەوە دەبێتە نووسین، وێنەی هونەری نەك تەنیا بنەما و کرۆکی شیعرە، بەڵکوو شیعرەکە خۆیەتی و هەوڵدەدات زمانی ئاسایی ببەزێنێت و لادانێکی زمانی ناوازە بەرپا بکات بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئەو لادانەوە ئیحایەکی تایبەتی ببەخشێت و جوانییەکی ناوازە بخوڵقێنێت.

وێنەی هونەریی ئەو بنەما گرنگە هونەرییەیە, کە پرۆسەی داهێنانی شیعریی پێ کامڵ دەبێت، چونکە هەر شیعرێك خۆی لە خۆیدا وێنەیەکە و لە کۆمەڵێ وێنەی ئاوێتەی یەکتری بونیاد نراوە. وێنە لە ڕەگەزە گرنگەکانی شیعرە و دەبێتە هۆی ڕازاندنەوە و بەپێزی و یەکگرتنی ڕەگەزەکانی تری شیعر. چەمکی وێنەش ((لە ڕەخنەی ئەورپیدا (image)ی پێدەوترێت، لە زمانی عەرەبیدا ( صورة شعرية) یان ( صورة فنية), لە زمانی فارسیدا ( صوری خیال)ی پێدەوترێت، لە زمانی کوردیشدا (وێنەی شیعریی) یان (وێنەی هونەری) پێدەوترێت))(هاوژین، 2009, 19)

زۆرێك لە ڕەخنەگران و لێکۆڵەران گرنگییەکی تایبەتیان بە وێنەی هونەریی داوە، (سیمۆندز) بڕوای وایە شیعر یەک پارچە وێنەیە و دەڵێت: ((وێنە شیعرێکی بێ دەنگە و شیعرش وێنەیەکە بە دەنگ دەردەبڕێت ( ئاسۆ، 2007, 97) واتە شیعرش بۆ خۆی جۆرێکە لە وێنەکێشان، بەڵام نەك بە ڕەنگ, بەڵکو بە وشە جیهانە تایبەتەکەی بەرجەستە دەکات، بەم پێیەش دەشێ وێنە وشەیەك بێت یاخود ڕستەیەکی لێکدراو بێت یان سەرجەمی شیعرەکە بۆ خۆی بەشێوەی وێنە ئەنجام درابێت. (جاحز)یش جەخت لەسەر پەیوەندی نێوان شیعر و وێنە دەکاتەوە و بڕوای وایە شیعر وێنەکێشانە و دەڵێت: (( شیعر پیشەسازییە و جۆرێکە لە چنین و ڕەگەزێکە لە وێنەکێشان ))(جاحز، ١٩٦٥، ١٣٢) لێرەدا گرنگی زیاتری وێنەمان بۆ دەردەکەوێت لە شیعردا، چونکە ((وێنەی شیعر لە پاڵ زمان و ریتم و بابەتدا بونیاتی هونەری شیعر پێکدەهێنێت)) (دلێر،2002،54)، باشترین وێنە, ئەو وێنەیەیە, کە هەست و سۆز و خورپە لە دڵی خوێنەردا دەوروژێنێت. ((وێنەی هونەری پێکهاتەیەکی زمانییە بۆ وێنەکێشانی واتای ژیری و سۆزی و خەیاڵاوی بۆ دروستکردنی پەیوەندی لە نێوان دووشتدا کە دەتوانرێت بەگەلێ شێواز وێنە بکێشرێت یا لە ڕێگەی لێکچواندن یان بەرجەستەکردن یان بە کەس کردن))(صالح،1979،31) خەیاڵ گرنگییەکی زۆری هەیە لە بەرجەستەکردنی جوانی وێنەی هونەریدا و بە گەورەترین هۆکاری سەرکەوتنی هونەریی دادەنرێت

له شیعردا, چونكه ((وێنەی هونەری زمانی ئەندێشەیە هەموو ئەو دیاردە هەست پێكراو و هەستە دەروونی و بۆچوونە ئەندێشەییە بەرجەستەكراوانەوە دەگرێتەوە, كە بەهۆی زمانەوە بۆ خوێنەر و گوێگر ئەنجام دەدرێت)) (دڵشاد،1998،47)، لەلایەكی تریشەوە هەر زمانێكیش وێنەی هونەری لێداماڵرێت توانای دەربڕینی نامێنێت، چونكە وێنە شێوازێكی تایبەتمەندی بەكارهێنانی زمانە و دەبێتە هۆی پێكهێنانی جوانی شیعر، كە بەشێوازێكی نوێ گوزارشت لە واتای شیعرەكە دەكەن، چونكە وێنەی هونەری ((شێوازێكی زمانیی تایبەتمەندە، كە بەهۆیەوە بەشێوازێكی نوێ و داهێنراو وێنای واتاكان دەكرێت و دەیگوڕێت بۆ وێنەی بینراوی كاریگەر))(بشری، ١٩٩٤، ٣) هەندێجاریش وێنە لە ئەنجامی وەسفكردنەوە بەرجەستە دەبێت و گرنگییەكەیشی لەوەدایە كە تەنیا بیرو بۆچوونی شاعیر ناخاتە ڕوو، بەڵكو ئاستی شارستانیی سیمای سەردەمەكەش دەخاتە ڕوو. بەمجۆرە دەتوانین بڵێین وێنەی هونەری بریتییە لەو جوانكارییانەی, كە بەهۆی زیرەكی و خەیاڵفراوانی و تایبەتمەندی زمانی شاعیرەوە دروست دەبێت و شوێنی خۆی لەهزریدا دەگرێت و دەبێتە مایەی جوانی و بەرزی و نەمری شیعرەكە.

### تەوەری دووەم: وێنەی هونەری و ڕەوانبێژی

وێنەی هونەری بە چەندین شێوە پێكدەهێنرێت، لە ڕەخنەی كۆندا ڕەوانبێژی سەرچاوەی سەرەكی پێكهێنانی وێنەی هونەرییە، بەتایبەتی لێكچواندن و خواستن و دركە و وێنەی هونەری هاوواتای شێوەكانی ڕوونبێژییە. ڕەخنەگران پێیان وایە بنەمای پێكهاتنی وێنەی هونەریی ((هونەرەكانی ڕەوانبێژییە، ئەم ڕاستییەش بۆخۆی لەلای سەرجەمی لێكۆڵەر و ڕەخنەگرەكانەوە دەستنیشان كراوە و بەگشتیش ئەو بۆچوونەیان خستۆتە بەردەست كە: لێكچواندن ئاسانترین جۆری ئەو پێكهێنەرە ڕەوانبێژییانەیە كە وێنە بنیات دەنێن، شاعیرش زیاتر سەربەست دەبێت و مەودایەكی فراوانتریشی لەبەردەمدا دەكرێتەوە، هەركاتێ ڕووی لەو وێنانە كرد, كە ڕەگەزەكانیان لە خواستن و خوازەوە وەردەگرن)) (دڵشاد،2007،170) هەر بۆیە وێنەی هونەری لە زانستی شێوازناسی ڕۆژئاوادا پاشماوەیەكی زانستی ڕەوانبێژییە, واتە ((ڕابەرانی ڕێبازی شیكردنەوەی وێنەی هونەری زانستی ڕوانبێژی دەكەنە پاڵشتی خۆیان))( دڵشاد،1998،40)، هەر دەربارەی وێنە (سی دی لویس) دەڵێت: ((وێنەی شیعری لە سادەترین واتایدا وێنەیە بە وشە، وەسف و خوازە و لێكچواندن وێنە دروست دەكەن))(سی دی لویس،1982،11). هەروەها بەلای (كولرێدج)وە ((شیعر بەبێ خوازە قەبارەیەكی بێ گیانە، چونكە وێنەی خوازەیی بەشێكە لەو وزەیەی, كە ژیان بە شیعر دەبەخشێت))(دیر الملاك،1982،221).

هونەرەكانی ڕەوانبێژی بناغەی دروستكردنی وێنەی هونەرین، چونكە ((یەكێك لەو مەرجانەی كە هێز و توانا و گوڕی مانەوە، یا نەمری بە شیعر دەبەخشێ ڕەوانبێژییە. سۆز و ئەندێشەكانی بە وێنەی جوان و ڕازاوە دەجولێنێ، وشە و كەرەسە و چوارچێوە كۆنەكان تازە دەكاتەوە ))(عەبدوڵڵا، ٢٠٠٤، ١٤٧)

بەشێوەیەکی گشتی هونەرەکانی ڕەوانبێژی ڕەگەزی سەرەکی بەرهەمهێنەری وێنەی هونەرین و شیعر جوانتر دەکەن و بەهایەکی ئیستاتیکی بەرز و نەمری پێدەبەخشن.

**تەوەری سێیەم: ئیستاتیکای وێنەی هونەری**

ئیستاتیکا لەڕێگەی وێنە و ئاواز و ڕەمزەوە هەوڵی بەدەست هێنانی سیفەتە جوانەکان لە نێو دەقی ئەدەبیدا دەدات. شاعیران و ئەدیبان گرنگییەکی زۆر بە لایەنی جوانی و ئیستاتیکای بەرهەمەکانیان دەدەن تەنانەت هەندێجار بەرهەمەکانیان لە پێناو پێشکەش کردنی بابەتێکی پڕ لەئیستاتیکی و جوانییە، چونکە ((لەنێو دنیای هونەر و ئەدەبدا (ئیستاتیکا - جوانیناسی) ئامانجێکی گەورەو پیرۆزە. هەموو نووسەرێك بەدوای جوانیدا دەگەڕێ و دەیدۆزێتەوە و لێی ورد دەبێتەوە, جوانی جیهانی دەرەوە یان بە واتایەکی دیکە بە دوای جوانی و پیرۆزی وشە عەودالە و لەڕێکخستنی وشەکاندا جوانییەکی پتر و مەزنتر وەدی دەکات))(شێرزاد، 2001، 125)، دەربارەی گرنگی و ڕۆڵی وێنەی هونەری لە دروستبوونی ئیستاتیکای دەقدا (هاوژین سلێوە) دەڵێت: ((وێنە ڕۆڵی ئیستاتیکی و جوانی بە دەق دەبەخشێت، دەقی جوان و سەرنج ڕاکێش ئەو دەقەیە کە وێنەی قشەنگ و دڵگیری تێدابێت))(هاوژین, 2009، 33) ئەگەرچی وێنەی هونەری بەتەنیا لایەنی ئیستاتیکی شیعر بێت ئەوا مانای بەرتەسکردنەوەی مانای شیعر دەگەیەنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا (( هەندێك لە ڕەخنەگران ئیستاتیکا بە لێکۆڵینەوەی وێنەی هونەری دادەنێن)) (ئاسۆ ،2007،10) هەر دەربارەی پەیوەندی نێوان وێنە و ئیستاتیکا (کرۆچێ) دەڵێت: ((جوانی پێکهێنانی عەقڵی وێنەیەك یان زنجیرە وێنەیەکە, کە جەوهەری شتە سەرنجدراوەکان بگرێت، کرۆچێ جوانی دەبەستێتەوە بەو شێوازە دەربڕینەی, کە هونەرمەند دەری دەبڕێت لە ئەنجامی سەرنجدان لە جەوهەری شتەکان، هەروەها بڕوای وایە سازکردنی جوانی پێکهاتووە لە عاتیفە و وێنە))(کەمال،2005،109) هەر بۆیە دەتوانین بڵێین: ئیستاتیکا و وێنەی هونەری پەیوەندییەکی پتەویان بەیەکەوە هەیە و شاعیر لەڕێگەی وێنەی هونەرییەوە هەوڵی بەرجەستەکردنی جوانی و ئیستاتیکا دەدات.

**بەشی دووەم: ئیستاتیکای وێنەی هونەری لە شیعری شاعیر♦دا :**

وێنەی هونەری گرنگییەکی تایبەتی لای شاعیر هەیە و بەشێوەیەکی هونەریانە دەقە شیعرییەکانی پێ بنیات ناوە، شاعیر بە قەڵەمەکەی گەلێک تابلۆی هونەری جوان و ڕازاوەی کێشاوە، کە تایبەتمەندی شاعیریان پێوە دیارە. وێنە هونەرییەکانی شاعیر؛ تەنها وێنە نین و بەس، بەڵکو گوزارشتێکی ڕاستەقینەی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی و لایەنی دەروونی شاعیرن، هەر ئەمەش وایکردووە شیعرەکانی ئیستاتیکایەکی بەرز و ناوازە لەخۆ بگرن. لێرەدا هەوڵ دەدەین لە سێ ڕەهەندی (ڕەشبینی و خۆشەویستی و سروشت)ەوە تاووتوێی وێنە هونەرییەکانی ناو شیعرەکانی شاعیر بکەین، چونکە ئەم ڕەهەندانە ناوەرۆکی زۆرترین شیعرەکانی شاعیریان پێکهێناوە:

♦ فەقێ قادری هەمەوەند: ناوی عەبدلقادری کوڕی ڕەسوڵی کوڕی جوامێرە. لە عەشیرەتی هەمەوەند و تیرەی (بەگزادە)یە لە ساڵی (١٢٤٧ک) لە ناوچەی بازیان لە دەیک بووە و لەساڵی (١٣٠٨ک) لە شاری (بنغازی) لە لیبیا کۆچی دوایی کردووە.

**تەوەری یەکەم: وێنەی ڕەشبینی**

ڕەشبینی تێڕوانینی نەرێنییانەیە بۆ ژیان و بوون، مرۆڤ لە کۆمەڵگە دەوروبەری بێئومێد دەبێت و هەردەم چاوەڕێی خراپ و خراپتر دەکات، ئەم تێڕوانینەش بەهۆی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی و ... هتد دروست دەبێت. ((ڕەشبینی پێشبینیکردنی نەرێنیانەی ڕووداوەکانی داهاتووە، کە وا لە تاک دەکات چاوەڕوانی ڕوودانی خراپتر و پێشبینی شەڕ و شکستهێنان و بێئومێدی بکات و تا ڕادەیەکی زۆر؛ جگە لەم شتانە چاوەڕوانی هیچی تر ناکات))(بدر محمد الانصاری، ١٩٩٨، ١٦). فەقێ قادری هەمەوەند لە ژیانیدا بارودۆخی ناخۆشیی زۆر بینیوە، چونکە شاعیر لە سەردەمێکدا ژیاوە دەوڵەتی عوسمانی دژ بە میرنشینە کوردییەکان لە جەنگدا بووە و هەوڵی لەناوبردنیانی داوە، دەسەڵاتدارانی عوسمانی بە توندترین شێوە خەڵکی کوردستانیان دەچەوساندەوە، بەتایبەتی ئەوانەی دژایەتییان دەکردن، عەشیرەتی هەمەوەند زۆر بەتوندی دژی ئەم داگیرکەرە وەستایەوە و کەوتە بەربەرەکانی کردنی، بەو هۆیەوە تووشی بارودۆخێکی ناخۆش و ئازاراوی بوون و چەندین نەهامەتییان بەسەردا هات، بەشێکیان ڕاوەدوونران و بەشێکیان زیندانی کران بەشێکیشان بۆ وڵاتی لیبیا ڕاگوێزران، کە شاعیر هەم زیندانی کرا و هەمیش یەکێک بوو لە ڕاگوێزراوان، ئەم بارودۆخەش کاریگەری لەسەر شیعرەکانی داناوە و بوونەتە هەوێنی چەندین شیعری شاعیر، کە شیعری ڕەشبینین، وێنەی هونەرییەکانی ئەم شیعرانە پڕن لە خەم و خەفەت و ڕەشبینی. ئەم وێنانە سۆزی خەماوییان پێدا چوڕێنراوەتە دەروونەوە، هەندێك لەم وێنانە لە ئەنجامی چڕکردنەوەی پەیوەندی نێوان ئەو دانە شیعرییانەی کە وێنەکەی لێپێکهاتووە، زمانە شیعرییەکەشی چڕتر و خەستتر کردووەتەوە, ئەمجۆرە چڕکردنەوەی وێنەکانیش لە ئاکامی خەستی هەست و سۆزی بەکوڵی دەروونی شاعیرەوە بووە، بنیاتنانی ئەم وێنانەش وەك لە شیعری ( بار دوم سه شنبه گفته) کە شاعیر سۆزی هەڵچووی خۆی لە ڕێگەی چەند وێنەیەکی هونەرییەوە بەرجەستە دەکات و لەم شەوەدا بووەتە دیلی ئازار و خەم و لە ڕێگەی هونەری لێکچواندنەوە ئازار و مەینەتییەکانی ژیانی بەرجەستە کردووە, بەجۆرێك وێنەی دەکات کە خەم و ئازار بوونەتە پاشا و ئەمیری دڵی و ئاسودەیی بەهۆی شیوەن گێڕان و زنجیرکرانەوە, شاعیر دەڵێت:

ئەسیرەن ئیمشەو ..ئەسیرەن ئیمشەو..

جەستەم نەهیجران ئەسیرەن ئیمشەو ..

غەم نەتەخت دڵ ئەمیرەن ئیمشەو..

شادیم نەشیوەن زنجیرەن ئیمشەو..

ئەلەم لە جەستەم وەزیرەن ئیمشەو..

هەستم لە مەقام تەصویرەن ئیمشەو..(فەقێ قادر,695،1980)

چڕی و خەستی ئەم شیعرە و بەرجەستەکردنی ئازار و مەینەتی و نەهامەتییەکانی ژیانی بەو ڕادەیەی کەلە وێناکردنی هەردوو وشەی (خەم و ئازار ) کە بە سەروەر و دەسەڵاتدار لە جەستەیدا بیانبینێ، ڕامانێکی پڕ لە خەم و ئازارە و جوانییەکی ناوازەی بە شیعرەکە بەخشیوە، چونکە زیندوویی و ژیانی پێ بەخشیوە. دیارە ئەم چەشنە بەرجەستەکردنەی (خەم ، ئەلەم) و بەخشینی کەسێتی مرۆڤ پێیان، بەهۆی خواستنەوە ئەنجام دراوە, کە (خەم و ئەلەم) لێچوون و مرۆڤ لەو چووە و ڕووی لێکچوونی دەسەڵات داری (وەزیر ، ئەمیرە) و زاڵبوونە بەسەر جەستەی دا، هەروەها وێنەی هونەری (شادیش) لە ڕێگەی هونەری خوازەوە بنیات نراوە, کە زنجیرکردن سیفەتی تەنێکی بەرجەستەیە و خواستراوە بۆ وشەی (شادی) کە وشەیەکی واتاییە و بەگشتی وێنەیەکی هونەری بەرزیان پێکهێناوە.

شاعیر لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

بەیتولئەحزانم بەیتولئەحزانم

هەر من موقەیەد بەیتولئەحزانم

هەر من یەعقوب واردەست هیجرانم

هەر من جەکردار وێم پەشیمانم

هەر من مەست دەرد هەر من حەزینم

هەر من بەستەی بەند زار و زەمینم (فەقێ قادر,1980، ٦٦٤)

شاعیر لەم شیعرەدا بەس لە نەهامەتییەکانی خۆی دەکات و بەچەند وێنەیەکی هونەری ڕادەی ئازارەکانی دەخاتەڕوو، خۆی بە هاوشێوەی (یەعقوب) پێغەمبەر دادەنێ کەلە ماڵی خەمەکاندا دەژی و تەنها ئەمیش بە ناچاری پەیوەست کراوە بەم شوێنەوە، شاعیر ((ئاوارەی دەستی زۆردارانی عوسمانییە، یان وەک یوسف لە چاڵی زینداندایە... لە ناواخنی ئەم چامەیەدا ئەترازێتە باسی کەچ بەختی و ئاهو نزولەی خۆیەوە و خوازیاری ڕزگاربوونە))(کەساس، ٢٠٠٨، ١٦٩) بەجۆرێک تووشی ئازار و مەینەتی بووە، کە مەست بووە بەم ئازارانە، و بەندی زیندان و شیوەن و گریانە، ئەم وێنە هونەرییە (هەر من مەست دەرد هەر من حەزینم) لە لوتکەی جوانیدایە، چونکە هەمیشە مەست بوون بۆ چێژ و خۆشی بەکاردێت، کەچی شاعیر پێچەوانەی کردووەتەوە و بۆ ناخۆشی و ئازارکێشان بەکاری هێناوە.

هەروەها شاعیر لە وێنەیەکی تردا باس لە ئێش و ئازار و ستەمی ڕۆژگار دەکات, کە چۆن دەسەوەستانە بەرامبەر بە هەموو نادادییەکانی ڕۆژگار بەرامبەر شاعیر و وەك باڵندەیەکی باڵشکاو ناتوانێت خۆی رزگار بکات لەم ئازارو برینە, کە لە ڕووی جەستەیی و دەروونییەوە تێی کەوتووە، شاعیر دەڵێت:

هەرمن چون شەهباز شكستە باڵم

هەرمن تەن مەجرووح، دەروون زوخاڵم

يەناڵەی منەن چون زەنگ مەدۆ دەنگ

يە دوود منەن دنيا كەردەن زەنگ (فەقێ قادر,1980, 722)

لێرەدا وێنە هونەرییەكان ئەو ڕاستییە ڕووندەكەنەوە، كە زمانی ڕاستگۆيانەی ئەو سۆزە بەتینە و هەڵچوونە دەروونییەی شاعیر, كە وروژاندويەتی و ئەندێشەی داهێنەرانەی نووسەر چرۆی كردووە و وێنەكانی پێ بنيات ناوە و سۆزەكەی لەڕێگەی چەپكێك وێنەوی هونەرییەوە گواستۆتەوە بۆ خوێنەر، وێنەكانيش لە ڕێگەی هونەری لێكچواندنەوە دروستكراوە بەوەی خۆی چواندوە بە باڵندەی (شاباز) واتە شاعير چوێنراوە و باڵندەی شەهباز پێچوێنراوە و چون ئامرازی لێكچواندنە و ڕووی لێكچوونيش نەبوونی باڵە بۆ بۆ فڕين و دەرباز نەبوونە لەو دۆخە، هەروەها ناڵەی چواندوە بە زەنگ و ئاهو هەناسەساردی چواندوە بە دووكەڵ, كە دنيا تاريك دەكات.

شاعير لە وێنەيەكی ديكەدا گلەيی لە ڕۆژگار دەكات, كە چەرخی گەردوون و ڕۆژگار پێچەوانەی بەختی ئەم هەڵسوڕاوە و بەخت ياوەری نييە و گەشی ئەستێرەی چانسی پێچەوانە كردۆتەوە، ئەگەر چی ئەم وێنەيە لە زۆر شيعری ديكە بەرچاو دەكەوێت، بەڵام ئەوەی وای كردووە وەك وێنەيەكی هونەری جوان دەربكەوێت بەكارهێنانی وشەی (چەواشەكردنە) لەگەڵ ئەستێرەی بەخت دا, كە ئەم جۆرە لە بەكارهێنانی وشە و لێكدانی ئەم دووشەيە بەيەكەوە زۆر كەمە، لێرەدا بەخت چوێنراوە, ئەستێرە پێچوێنراوە و ڕووی لێكچوونيش گەشی و درەوشانەوەيە, كە بەمجۆرە گوزارشتی لێدەكات:

ناگا چەرخێ وەرد گەردوون ئەوقات

چەواشە كەرد بەخت سەهەيلی صيفات (فەقێ قادر,715،1980)

ياخود لە وێنەيەكی ديكەدا, كە لە ڕێگەی هونەری خواستنەوە بنيات نراوە, وشەی (تەم) لە كەشێكی سەختی زستانەوە خواستراوە بۆ باری دەروونی نووسەر و وێنەی باری دەروونی خۆی دەكات, كە لە بارێكی دەروونی ناجێگير و ئاڵۆزدايە, كاتێك لە خەياڵی ئازيزەكەيدا نوقم و ئاوێتە دەبێت و ئارەزووی نوێ دەبێتەوە بۆ ديداری ئازيزەكەی، هەروەها وشەی (بەند) كە بۆ بەستنی شتێكی بەرجەستە بەكاردێت خواستراوە بۆ خەياڵ, كە وشەيەكی مەعنەوييە بەوەی كە بەردەوام خەياڵی بەستراوە بە ئازيزەوە, واتە بەردەوام بەخەياڵ لەگەڵيدايە, وەک دەڵێت:

جەرگ زوخاڵی كەرد، دەروونم وەتەم

تاسەی ئارەزوو تازە بی دەم دەم

خەياڵم هەر بەند جەلات بەستنە كۆ

وەقتەن فانی بام جە خەیاڵ تۆ (فەقێ قادر,1980،704)

هەر ئەم هونەرکارییەش وایکردووە ئەم شیعرە خاوەن جوانییەکی بەرز بیت و چێژ بە پەیاموەرگر ببەخشێت، لێرەشەوە کاتێك لەبەرهەمەکانی شاعیر دەڕوانین و بەدوای ئەو پەیوەندییە ڕەوانبێژییە نوێیانەدا دەگەڕێن, کە وێنە هونەرییەکانی پێ بنیات ناوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە شاعیر لە زۆر شوێندا داهێنەرانە مامەڵەی لەگەڵ وێنەکاندا کردووە و زۆر هۆشمەندانە مەودای فراوانی لەبەردەم پێکهێنانیاندا کردووەتەوە و بۆ گەیاندنی پەیام و گواستنەوەی ئەزموونە شیعرییەکەی بۆ پەیاموەرگر بە شێوەیەکی جوان و ڕازاوە وێنەی هونەری بەرهەمێناوە، بۆ نموونە دەڵێت:

زەمزەمەی شەوقم دەروون شکاوا

کولاە فەخرم سەر نە ئەوج ساوا

خاس خەیاڵێوەن بە دڵ بەردنی

تەدبیر نەجات پەی وێت کەردنی(فەقێ قادر,1980، 727)

لەم دێڕانەدا کە دەقێکی عیرفانییە و شاعیر شانازی بە تۆبە و گەڕانەوەی بۆ لای خوا دەکات، لە هەمان کاتدا هەژان و شەوقی دنیایی و خۆشییەکانی دنیای لەناخەوە نەماوە, ئەمەش هەر لەئەنجامی گەڕانەوەی بۆ پەرستشە، چونکە خەیاڵی بەرەو دین وەرگێراوە و ئەمەش ڕێگەی نەجاتە بۆی، لێرەدا شاعیر کۆمەڵێك وێنەی هونەری نوێی لە ڕێگەی هونەری ڕوانبێژییەوە بنیات ناوە, بەوەی وشەی شکاوی بۆ دەروون بەکارهێناوە، ئەمەش تاڕادەیەك بەکارهێنانێکی نوێیە لە شیعری کوردیدا، چونکە شکان زیاتر بۆ شتی بەرجەستە و بەتایبەت شتی ڕەق بەکاردێت, لە کاتێکدا دەروون وشەیەکی واتاییە و نەك تەنیا توانای شکانی نییە، بەڵکو ناشبینرێت، هەروەها شەوقیشی(خۆشییەکانی) چواندووە بە هەژانێك یان هەڵچوونێك کە کۆتایی هاتبێت، جگە لەوەی نووسەر فەخر و شانازی بە کڵاوێك چوندووە و ئاشکرایشە کڵاو لەسەر سەر دادەنرێت، بەڵام ئەم کڵاوی فەخرەی شاعیر لە ئاسماندایە بەهۆی ئەوەی ئەو ڕێگەیەی ئەو هەڵبیژاردووە ڕێگەیەکی درووستە و دەیگەیەنێت بە شوێنێک کە ئیتر خەم و ئازار و ناخۆشییەکانی کۆتایی دێن.

شاعیر لەگەڵ ئەو هەموو نائومێدی و گلەییەی لە ڕۆژگار و بەختی خۆی کە زۆرێك لە شیعرەکانی داگیرکردووە، بەڵام هەندێك دەق بەرچاو دەکەوێت کە تیایدا هیوا و ورە بەر نادات و جۆرێك لە گەشبینی بە ژیان هەیە, کە هەر بەردەوام دەبێت بۆیە ئەم ساردی و گەرمییەی ڕۆژگار کار ناکاتە سەری، ئەمەش لەمیانەی بەکارهێنانی دیاردەکانی سروشت وەك کۆمەڵە کەرەستەی هونەری و لە ڕێگای بنەما و بنەڕەتێکی ڕەوانبێژییەوە کە خواستنە، بنیاتی گەلێ ئەزموونی شیعری داناوە و بیرو سۆزی شیعرەکانی گەیاندووەتە خوێنەر، هەروەك لەم شیعرەدا (هەناسەی سارد) کە سیفەتی مرۆڤە و واتای جۆرێك لە رەنج بە باچوونە, خواستراوە بۆ (با ) و بەهێزی ئەم بایەش بە جۆرێکە کار دەکاتە سەر رێگای کاکێشان (کۆمەڵێك ئەستێرەن لە ئاسمان) واتە ئازارەکانی هێندە

زۆرە ئاهی ساردی دەگاتە ئاسمان، هەروەها لە نیوەی دواتر نووسەر دەڵێت کەمن بەرگەی بەفرم گرتبێت, ئیتر (زەمهەریر) کە پلەی بەستەڵەکی جەهەنمە لەو دنیا کاری تێناکات، واتە لەڕێگەی ئەم وێنانەی کە بە خواستن بنیات نراون نووسەر دەڵێت باکم بە سەرما و گەرمای ڕۆژگار نییە و کار ناکاتە سەر منی عاشق و نابێتە هۆی ڕەشبینی و چۆك دادانم، بۆیە دەڵێت:

سەردیی هەناسەیی باد سەر کۆهان

تەئثیر دا نە خەگ گوڕڕەی کاکەشان

جە شەرارەی بەرف کوورەی زەمهەریر

نەمەند جەناڵەی عاشقان تەئثیر (فەقێ قادر,1980، 718)

دەتوانین بڵێین شاعیر بەشێوەیەکی زۆر سەرکەوتووانە ئازارەکانی و ناڕەحەتی و نەهامەتییەکانی خۆی بۆ کردووین بە شیعر و بە چەندین وێنەی هونەری بەرز و جوان گوزارشتی لێ کردوون.

**تەوەری دووەم: وێنەی خۆشەویستی**

خۆشەویستی هەوێنی ژیانە. غەریزەیەکی سروشتی مرۆڤە. مرۆڤ پێویستی بە خۆشەویستیی و خۆشەویست هەیە، بەتایبەتی خۆشەویستی ڕەگەزی نێر بۆ مێ و بە پێچەوانەشەوە. خۆشەویستی باڵاترین چێژ و خۆشی و جوانی ژیانە و مرۆڤ زۆرترین قوربانی لە پێناودا داوە. خۆشەویستی یار سیمایەکە لە سیماکانی شیعری شاعیر، کە بووەتە هۆی بنیاتنانی چەندین وێنەی هونەری پڕ لە جوانی و ئیستاتیکا لە شیعرەکانیدا، هەر ئەم خۆشەویستییەی شاعیر بۆ یارەکەی چەند هەنگاوێکی تری لەبواری داهێنانی وێنەی هونەریدا پێهەڵدەنێت و بەرەو چڕکردنەوەی وێنەی هونەری ئاراستەی دەکات لەپێناو گەیاندنی ناوەرۆکی خۆشەویستی، هەنگاوێك لەو هەنگاوانەی شاعیر، وەسفکردنێکی ورد و جوانی یارەکەیەتی, کە بەمجۆرە باسی دەکات و دەڵێت:

فەم خونچەی نەورەس، لەبان ئەحمەڕی

دەم تەنگ و ، دەنگ نەرم، ڕازان شەکەری

لەعل لەب مەملووی دەوای دڵ بەخشەن

ئاو فەم چون شەهد شاران مەزەشەن (فەقێ قادر,1980، 711)

بەسەیرکردنێکی وردی ئەم شیعرە دەگەینە ئەوەی چەپکێك وێنەی هونەری ناوازەی تیادایە, کە لە ڕێگەی هونەری لێکچواندن بنیاتی ناوە, بەوەی دەم چوێنراوە بە دەنووکی نەورەس، کە ئەوەش بە خونچەی گوڵ, ڕووی لێکچوون بچووکی و گەشی و نەپشکوتوویی، لێویش بە لەعل چوێنراوە,

که بەردێکی سور و گرانبەهایە، هەروەها ئاوی دەمیش چوێنراوە بە مەزە لە ڕووی تام و چێژ و مەستبوونەوە، بەمەش وێنەیەکی جوانی پێکهێناوە, کە بەمجۆرەیە: دەمی یارەکەم وەکو دەنووکی نەورەس سوورە، سووریکی وەها کە دەڵێی بەردی لەعلە و بەبینینی دڵ ئاسوودە دەبێت، لەگەڵ ئەمەشدا ئەم دەمە زۆر بچووک و تەنگە و ئەو وشانەی لەم دەمەوە دەردەچن زۆر ناسک و بەسۆزن و گفتولفتیشی زۆر شیرینە و ئاوی دەمیشی وەکو مەزە بە چێژ و بە لەزەتە.

شاعیر لە هەندێ وێنەدا (یار)ی بەشێوەیەکی جیاواز بینیوە, کە ڕواڵەتی چواندووە بە مانگێك کە لە جەنگدایە لەگەڵ هەموو تیشکەکانی خۆر و دەیەوێت ئەم جوانتر دەرکەوێت، وەک لەم شیعرەدا دەڵێت:

پێشانیش شێوەی قەمەر نەقاف دا

چەنی شەوق شەمس ها نە مەصافدا

قەترانی قەوسەین پەی جەنگ تەناف دا

موژەی شێوەی تیر میر سەییاف دا (فەقێ قادر,1980، 690)

لێرەدا شاعیر چەند وێنەیەکی هونەریی لە وەسفی یارەکەیدا بەرجەستەکردووە, ڕووخساری یار چوێنراوە بە مانگ لەڕووی گەشیی و جوانییەوە, کە لە جەنگدایە لەگەڵ تیشکەکانی خۆردا, برۆی چواندوە بە تاڵی چەنگ, کە یەکێکە لە ئامێرە مۆسیقییەکان و لەڕووی باریکی و ناسکییەوە, برژانگیشی بە تیری میرێك چواندوە کە لەکاتی ڕاوکردندا بەکاری دەهێنێت لەڕووی پێکانی دڵییەوە. هەموو ئەمانەش بەیەکەوە وێنەیەکی جوانیان دروستکردووە, کە یارەکەی چەند جوان و نازدارە و چۆن شاعیری گیرۆدەی خۆی کردووە. هەروەها لەهەندێك وێنەی تردا پرچی خۆشەویستەکەی چواندووە بە پەرژین و قەڵایەکی زیندوو بۆ باڵای یار, بەمەش توانیوێتی وێنەیەکی هونەری نوێ بەرجەستە بکات، چونکە شاعیرانی تر لە شیعرەکانیاندا پرچی یاریان زیاتر بۆ پەرژینی رووخسار بەکارهێناوە, نەك بۆ وەسفی باڵا بەگشتی، جگە لەوەی باڵاش چوێنراوە بە شمشاڵ لە ڕووی ڕێکی و بەرزی و باریکی و جوانییەوە، وەک دەڵێت:

میسك دا نە گێسووی قەطرانی قەتاڵ دا ..

حەی ئاسا حەسار باڵای شمشاڵ دا .. (فەقێ قادر,1980, 736)

واتە ئەو بۆنە خۆشە میسک ئاسایەی کە یار لە پرچی ڕەشی خۆی داوە, بووە بە بکوژی ئەم, چونکە وەك پەرژینێك دەوری باڵای شمشاڵ ئاسای یاری گرتووە و ناهێڵێت ئەم بیبینێ. یاخود لە وێنەیەکی تردا شاعیر توانیویەتی وشە بە مانایەکی زۆر جیاواتر لە مانا باوەکان بەکاربهێنێت و وێنەیەکی جوان و جیاواز دروستبکات, کە کەمتر لای شاعیرانی تر بەدی دەکرێت, وەک دەڵێت:

گەردن میل یەخ بەستەی کەمەری

زەنەخ عەطر ئامێز بادەی کەوثەری (فەقێ قادر,1980، 711)

گەردنی سپی و درێژ وابەستەی کەمەری، چەناگەی بۆن خۆشی وەك بادە(خواردنەوەی ئاو)ی کەوسەر وایە لە بەهەشتدا، لێرەدا گەردنی چوواندوە بە میل، کە گەردن چوێنراوە و میل پێ چوێنراوە و درێژی ڕووی لێکچوونە، ئەم جۆرە لێکچواندنە بەکارهێنانی وشەی(میل) پێشتر لە شیعردا زۆر دەگمەن بەکارهاتووە، هەروەها لە نیوەی دواتردا بۆنخۆشی بۆ چەناگە بەکار هێناوە, کە پێشتر بۆنخۆشی زیاتر بۆ پرچ بەکارهاتووە لە شیعردا نەك بۆ چەناگە، لەلایەکی ترەوە جۆری لێکچواندنەکە زۆر تایبەتە بەوەی دوو هەستی جیاوازی بەکارهێناوە (زەنەخ عەتر ئامێز) وێنەیەکی بینینە، چواندوویەتی بە (بادەی کەوسەر) وێنەیەکی تام کردنە، ئەم جۆرە بەراوردکردنەش زۆر کەم بەکار هاتووە لە شیعردا, کە چوێنراو و پێچوێنراو سەر بە دوو هەستی جیاوازی مرۆڤ بن، هەر ئەمەش وایکردووە شیعرەکە جوان بێت و لە ئاستێکی بەرزی هونەریدا بێت.

شاعیر لە شیعرێکی دیکەدا زۆر بە شێوەیەکی هونەریانە وێنەیەکی ئیستاتیکی بەرجەستەکردووە, بەوەی لێوی یاری بە وشەی (قاقم) چواندووە کە بە واتای بەرگی فەرو دێت یان بەرگێکی زۆر نەرم، واتە لێو چوێنراوە, بەرگی نەرم پێچوێنراوە و ڕووی لێکچون نەرمییە، ئەم جۆرە چواندنە جیاوازە وای کردووە, کە وێنەیەکی هونەری تەواو جیاواز و ئیستاتیکی لە دێڕە شیعرێکدا بەرجەستە بێت، چونکە لە شیعری کوردیدا, کە باس لە لێوی یار بکرێت زیاتر باسی ڕەنگی سورو ئاڵی یان تام و چێژیی, یاخود بچووکی دەم کراوە، لە لایەکی دیکەوە هەر لێوی چواندووە بەگوڵی زەعفەران لە تازە و گەشیدا، هەوەها چواندویەتی بە یاقوت لە سوری دا، بەڵام ئەوەی وای کردووە وێنەیەکی جیاوازتر دەرکەوێت، چواندنی یەکەمە، وەک دەڵێت:

لێو پەڕەی قاقم تازەی گوڵ زەعفەر

شیرین تەر جە شەوق یاقووت ئەحمەری (فەقێ قادر,1980، 747)

شاعیر لە هەندێك وێنەدا ئەگەرچی وشەکانی نوێش نەبێت، بەڵام جۆری دروستکردنی پەیوەندی لەنێوان وشەکاندا وای کردووە وێنەیەکی نوێ دروست بکات. شاعیر لەم وێنەیەدا لێکچواندێکی جوانی دروستکردووە لە نێوان ساقی و شەم دا، بەڵام جوانی وێنەکە و هونەری وێنەکە زیاتر لەبەکارهێنانی وشەی (جیلوەی جەمال) دایە, کە بە واتای دەرکەوتنی جوانی دێت و بۆ ساقی بەکاریهێناوە کاتێك کە دەردەکەوێت و ئەو جوانییەی ئەینوێنێ هاوشێوەی جوانی دەرکەوتنی شەمە, ئەمەش جۆرێك لە ئیستاتیکای شیعری بە وێنەکە بەخشیوە، چونکە جۆری پەیوەندی نێوان ساقی و جوانی و بەراوردکردنی بە شەم, جوانی وێنەکە دەردەخات, وەک دەڵێت:

ساقی فیدات بام نەپەردەی سێ یەم

جیلوەی جەماڵت بنمانە چون شەم (فەقێ قادر,1980، 182)

بێگومان مامەڵەکردن لەگەڵ دیاردەکانی سروشت و بەخشینی سیمای مرۆڤانە پێیان وەك ئەوەی ئەوانیش مرۆڤ بن و دواندنیان و ڕازو نیاز لەگەڵ کەرەستەکانی سروشت بۆ خۆی لەئاکامی سۆزێکی بەکوڵی شاعیرەوە بووە، ئەم دیاردەیە یەکێکە لە سیما دیارەکانی شیعریی لای شاعیر، بەشێکی وێنەکانی بەهۆی ئەم بە مرۆڤ کردنەی کەرستەکانی سروشتەوە بنیات ناوە، وەك لەم شیعرەدا دەردەکەوێت، کە (بای شەماڵ) وەك یەکێك لە ڕەگەزەکانی سروشتی بێگیان, شاعیر سیفەتی مرۆڤ بوونی پێبەخشیوە، کە وەك مرۆڤێك دەردەکەوێت و شاعیر داوای لێدەکات کە شوێن بە شوێن بگەڕێ تا دەگاتە مەنزڵی یار و دواتر سبەی تا نیوەڕۆ چاوەڕوانی بای شەماڵ دەکات تا هەواڵی یاری بۆ بهێنێتەوە, چونکە بای شەماڵ سەر لەبەیانیان هەڵدەکات بەتایبەت لە وەرزی هاویندا، وەک دەڵێت:

شەماڵ شەب گەردیت پەی من کەر نەکار

مەنزڵ وە مەنزەڵ تا مەنزڵگای یار

مەشی و مەو یەریت بیر دمات بۆ

چەمەڕای ڕاتم شەوان تا وە ڕۆ

بەو نەسیمەی ڕەوح هەنگاو وروود (فەقێ قادر,1980، 698)

بەکەمێک لێوردبوونەوە دەبینین کە خواستن لە نێوان مرۆڤ و بادا کراوە بەوەی سیفەتی ڕۆشتن و چاوەڕوانی لە مرۆڤەوە خواستراوە بۆ با و دواتر هەر بەو چاوەڕوانییەوە لە با, کە شاعیر بە نەسیمی رووحیی ناوی بردووە، چونکە بای نەسیم بایەکی نەرم و فێنکە لە بەرەبەیانێکی زوودا هەڵدەکات و شاعیر شەوی بەبێداری بەڕێکردووە تاوەکو بگات بەو کاتەی بەیانی تاکو بای شەماڵ هەواڵی یاری بۆ بێنێت.

شاعیر جگە لەو وێنە هونەریانەی کە لەڕێگەی هەستی بینینەوە بۆ وەسفی رووخساری یار بنیاتی ناون، وێنە هونەری بۆ لایەنی دەروونی و روحی یاریش داناوە، بۆنمونە خۆشەویستی بۆ یارەکەی وای لێکردووە کە گەیشتن بە یارەکەی بە گەیشتن بەهەشت وێنا بکات, کاتیک دەڵێت:

بەهەشت وەصڵش مەراق کەرد شەدداد

مەوت مەراق کەرد نە قاپیی موراد (فەقێ قادر,1980، 184)

واتە بەهەشت بوو بۆ من گەر بەیەك بگەیشتینایە، بەڵام کاتێك مەرگ ڕێگرە لە گەیشتن بەم ئاواتەم, ئەمەش خەم و ئازارێکی زۆرە، لێرەدا وێنەکان لە ڕێگەی هونەری خوازەوە بنیات نراون و هەردوو وشەی (بەهەشت، قاپیی) خواستراون بۆ بەیەکگەیشتن و ئارەزوو. وشەی (قاپی) لە شتێکی مادییەوە خواستراوە بۆ ئارەزوو, کە وشەیەکی واتای نەبینراوە، لەهەمانکاتشدا دوورکەوتنەوە و کۆچی یار وەك دڕك بە دڵیدا دەچەقێ و ئازاری دەدات و بەردەوام چاو لەڕێیە بۆ گەڕانەوەی

یارەکەی، ئەم بیرەش لە ڕێگەی کۆمەڵێك وێنەی هونەرییەوە بەرجەستە دەکات, کە بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی دروستی کردوون، شاعیر دەڵێت:

تاکەی دڵ بە خار میحنەتان ئێشۆ

قامەت تاکەی بار خەجڵەتان کێشۆ

شەناوەریی بەحر هیجرانان تاکەی

دیدەی ئینتظار نیگەران تا کەی (فەقێ قادر,1980، 698)

شاعیر لێرەدا کۆچی یاری چواندووە بەو شتەی کە بەسەر ئاوەوە دەڕوات (کۆچ) چوێنراوە، ئەو شتەی بەسەر ئاوەوەیە پێچوێنراوە، ڕووی لێکچوون بەردەوام بوونە لە ڕۆیشتن ، هەروەها دڵیش چوێنراوە بە ئەندامێکی تری جەستە کەلە دیوی دەرەوە دایە و درك توانا پێدا چوونی هەیە، ئەندامانی دیوی دەرەوەی جەستە پێچونراوە، ڕووی لێکچوون پێیداچوونی دڕك و ئازاردانە, هەموو ئەم وێنانەش قوڵی ئەو ئازارە دەروونیە دەخاتەڕوو کە شاعیر بەهۆی دابڕان و دوورکەوتنەوەی لە یار تووشی بووە.

شاعیر لەو شیعرانەیدا کە لە خۆشەویستی یار دەدوێت وێنەگەلی جوانی بەرهەم هێناوە، کە گوزارشت لەهەست و سۆزێکی قووڵ و عیشقێکی ڕاستەقینەی شاعیر دەکەن بەرامبەر بە خۆشەویستەکەی و بەشێکی زۆری ئەم وێنانەش لە ڕێگەی وێنەی هەستی بینینەوەیە، شاعیر گرنگییەکی زۆری بە وێنەی هەستی بینین داوە و بە پێشەنگی وێنە هونەریەکانی ناو شیعرەکانی شاعیر دێت.

### تەوەری سێیەم: وێنەی سروشت

سروشت بە درێژایی مێژوو بنەمایەکی سەرەکی داهێنانی جوانییە لای شاعیران. هەمیشە شاعیران ئیلهامیان لە سروشت و دیاردەکانی وەرگرتووە و داهێنانیان پێ ئەنجام داوە، ئەمەش لەبەئەوەی شاعیر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سروشتدا هەیە و جوانی و ڕازاوەیی سروشت دەبێتە هاندەری ئەفراندن. ((هەر لە سەرەتاوە، لەو کاتەوە ئەدەب بە شیعر و پەخشانییەوە بووەتە دەربڕی هەست و بیری مرۆڤ، سروشت کۆڵەکەیەک بووە لە کۆڵەکەکانی ئەدەب و بە چەشنێکی هەمەڕەنگ کاری کردۆتە سەر ئەدەب و سوودی بۆی بووە، یا ئەدەب بووە بە نەخشێنەری جوانی و دیمەن و بەهای سروشت))(فازیل مەجید مەحمود، ٢٠٠٧، ١٦-١٧)

سروشت و گرنگیدان بەسروشت یەکێکی ترە لە سیماکانی شیعری فەقێ قادری هەمەوەند, کە بووە بە شەقڵێك لە شەقڵە هونەرییەکانی, ئەو وێنە هونەرییانەیە کە لە دیاردە سروشتییەکان

پێکیهێناوە تا لایەنی دەروونی و زەینی و سۆزە هەڵچووەکانی و ئەندێشەکانی پێ بەرجەستە بکات، دیارە پەنابردنشی بۆ کەستەکانی سروشت بۆ بنیاتنانی وێنە هونەرییەکان, هەندێجار لە ئاکامی خۆشەویستی خاك و نیشتیمان بووە و هەندێجاریش وەسفێکی ڕووتی سروشت بووە، شاعیر دەڵێت:

خوڵاصەی سوپای زمستان سەخت

خورشید بێ نوورکەرد، زەمین سیا ڕەخت (فەقێ قادر,1980، 719)

شاعیر لەم شیعرەدا وێنەیەکی هونەری سروشتی بەرجەستە کردووە, کە سوپای زستان زۆر بە سەختی هێرشی هێنا و ڕووناکی و تیشکی خۆری نەهێشت و زەویشی ڕووت و ڕەشپۆش کرد, کە دەکرێت مەبەست لە هێرشی داگیرکەرانی کورد بێت، کە چۆن کوردستانیان داگیرکردووە و تیشک و ڕووناکی دەسەڵاتی میرەکانی کوردیان کوژاندووەتەوە و وڵاتەکەشیان کردووە بە وێرانە و خڵکەکەشیان ڕەشپۆش و غەمبار کردووە. هەروەها شاعیر لە شیعرێکی تردا وێنەیەکی هونەری سروشتی ڕازاوەمان لەڕێگەی خواستنەوە بۆ دروست دەکات, کە جگە لەوەی وەسفێکی ڕووتی سروشتە، هەستێکی نەتەوەیی قوڵیشە، وەک دەڵێت:

نەپێچان عەنان نەسیمەی شەماڵ

قەلعەی زمستان یەکسەر کەرد پاماڵ ...

نەهەرلا گوڵان خەیمە وەپا کەرد

زەمین  لاجیوەرد حەسناو حەمرا کەرد

جە عەتر سۆسەن نەرگس و نەسرین (فەقێ قادر,1980، 724)

لەم وەسفەی کە نووسەر بۆ سروشت کردوویەتی لەڕێگەی کۆمەڵێك وێنەی هونەرییەوە, کە بە هونەری خواستن و خوازە بنیات نراوە, بەوەی کە جڵەو لە گیاندارێکەوە خواستراوە بۆ نەسیمی با, کە جڵەو ناکرێت وسەرما و سۆڵەی زستان ڕادەماڵێت و بەهار و بوژانەوەی زەوی دێنێت، گوڵ و گوڵزار لە دەشتودەر خەیمە هەڵدەدات, ئەم وێنەیەش هەر لەڕێگەی لێکچواندووە بنیاتنراوە بەوەی کە داپۆشینی زەوی بە گوڵ و گوڵزار چوێنراوە بە خەیمە و زەمینی سوور کردووە و بۆنی خۆش بڵاودەبێتەوە، بەڵام هەندێجار ئەم وێنانە لە چوارچێوەی وەسفی ڕووتی سروشت هێنراوەتە دەرەوە و لە پێناو  دەربڕینی هەستی نەتەوەیی و خۆشەویستی خاك و نیشتمان بەرجەستەکراوە، شاعیر دەڵێت:

سولطان نەورۆز نە مەغریب زەمین

سان دا سیلسیلەی سوپای سەهمگین (فەقێ قادر,1980، 719)

گێڕان و سازدانی ئەم ئاهەنگە لە سروشتدا بەو وێنە هونەرییانە کە لەسەر بنەمای لێکچواندن دروستکراوە، تەنیا وەسفێکی ڕووتی سروشت نییە، یاخود دەرخستنی دەسەڵاتی ڕەوانبیژی نووسەر نییە بەتەنها، بەڵکو ئەو وێنانە بۆ خۆیان زمانی خۆشەویستی و سۆزی شاعیر و ناخی بەرامبەر خاکەکەی (شارەکەی) پێ بەرجستەکراوە، هەر ئەو خۆشەویستی خاك و نەتەوەیە چەند هەنگاوێکی تری پێهەڵهێناوە لە بنیاتنانی وێنەی هونەریدا، لێرەدا شاعیر ئاماژەدانی بە نەورۆز جگە لەوەی وەسفێکی جوانی سروشت و وەرزی بەهارە, کە بە فەرمانڕەوای وەرزی بەهار ناوی بردووە, هەروەها ئاماژەیەکیشە بۆ ڕەهەندی نەتەوەیی، چونکە نەورۆز لەناو کورددا جگە لەوەی دەستپێکی بەهارە، زیاتر وەك جەژنێکی نەتەوەیی یادی دەکرێتەوە، شاعیر لێکچواندنی لەنێوان نەورۆز و مرۆڤدا دروستکردووە, کە نەورۆز چوێنراوە و مرۆڤ, (دەسەڵاتدار) پێچوێنراوە، ڕووی لێکچوون سوپایەکی مەزنە, کە هێرشی هێناوە و زەمینی گۆڕیوە بە گوڵ و گوڵزار و سەوزپۆشی کردووە, کە ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ هەستی نەتەوایەتی شاعیر، کە ڕۆژێک دێت ئاوا وڵاتی ئەمیش لەژێر دەستی داگیرکەران ڕزگاری بێت و دووبارە ژیان دەگەڕێتەوە بۆ وڵاتەکەی و دەبووژێتەوە.

شاعیر لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

شۆر هەی بگیری نە سەربانان بی

گا فتح بەهار ، گا زمستان بی

خرۆشان شەماڵ دەروون پڕ نەداخ

خاك حەرەمین ماڵا نە دەماخ (فەقێ قادر,1980، 723)

شاعیر لەم وێنەیەدا ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە بەهار بێت یاخود زستان، زەوی بە هەر ڕەنگ بێت هەر نیشتمانە و شیرینە بەردەوام لە بیرو مێشکی دایە، چونکە هەرچەند زستان و سەخت بێت یاخود بەهار و خۆشگوزەرانی بێت، هەر نیشتیمانە, جگە لەوەی وشەی خرۆشانی بۆ بای شەماڵ بەکارهێناوە کە ئەمەش وێنەیەکی خواستراوە، خرۆشان لە مرۆڤەوە کە زیاتر بۆ هەست و سۆز بەکاردێت خواستراوە بۆ (با) کە یەکێکە لە ڕەگەزە بێگیانەکانی سروشت کە ئەمەش وای کردووە جوانی و بەهای هونەری بە وشەکە ببخشێت، هەروەها وشەی (فتح – کرانەوە) لە شتێکی مادییەوە وەرگیراوە بۆ وەرزی بەهار کە بە واتای هاتنی بەهار دێت، بەمەش لە ئاستی ئاسۆییدا پەیوەندییەکی نوێی لە نێوان ئەم دوو وشەیەدا دروست کردووە و وێنەیەکی هونەری پڕ لە جوانی پێبنیات ناوە.

شاعیر لەشیعرێکیدا بە وێنەیەکی هونەری ئاماژە بەو یاسایانەی سروشت و گەردوون دەکات, کە بە شێوەیەکی دادپەروەرانە سوڕی زیندەی ژیان لە سروشت و لەناو بوونەوەرەکانی سەر زەوی ڕێکدەخات و هەڵدەسوڕێنێت و وەرزەکان بە دوای یەکدا دێنێت، کە دواجار دەبێت وەرزی بەهار بێت و دار و درخت ئازاد بێت و گەشە بکات و سەختی زستان تێپەڕێنێت، دەگونجێت ئەم وێنەیە شیکردنەوەیەکی سیاسی و نەتەوایەتیی؛ تەنانەت مرۆڤایەتیشی بۆ بکەین, بەوەی وەك چۆن یاسای سروشت وایە دەبێت بونەوەران و گژوگیا لە سەختی زستان ڕزگاریان بێت, بەهەمان

شێوە مرۆڤەکانیش و گەلی ژێر دەستە و داگیرکراویش دەبێت ئازاد بن, کە نەتەوەکەی شاعیریش یەکێکە لەو نەتەوانە و داگیرکەریش دەبێت ملکەچی ئەم یاسایە بێت، باڵادەست گوێ بگرێت بۆ بێدەسەڵات, وەک دەڵێت:

هەم بنویس بە ئەرض نامە عەدل و داد

ئەشجار و نەبات جە بەند کۆ ئازاد

سوجدە کەرد وەزیر نە تەخت زەڕین

تەمام کەرد تەحریر نامەی عەنبەرین (فەقێ قادر,720،1980)

ئەم وێنە شیعرییە بۆچوونێکی قوڵی هزریشی تێدایە, کە بەدرێژایی مێژوو جێگەی گفتووگۆ بووە و پرسیارگەلێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناوە، کە بریتین لە یاساکانی سروشت و گەردوون و چۆنیەتی بپێکهاتن و بەرەوپێشچوون و گەشەکردنیان.

دەتوانین بڵێین شاعیر بەشێوەیەکی جوان و بە چەند وێنەیەکی هونەری گوزارشتی لە سروشت و جوانییەکانی سروشت کردووە و لە هەندێک شوێندا بەستوویەتییەوە بە بارودۆخی ژیانی نەتەوەکەیەوە، کەچۆن هەمیشە لە دوای زستان نەورۆز و بەهار دێت، بەهەمان شێوە لەدوای ئەو بارودۆخە ناخۆشەی کە بەسەر میللەتەکەیدا هاتووە ئومێد هەیە رۆژێک ئەمانیش ڕزگار بن.

**ئەنجام:**

1- وێنەی هونەری بنەمایەکی سەرەکی ئیستاتیکای دەقی شیعرییە و شاعیران بۆ ڕازاندنەوە و جوانکاری شیعرەکانیان هەوڵی دروستکردنی وێنەی هونەری دەدەن بە جوانترین شێواز.
2- فەقێ قادری هەمەوەندی گرنگییەکی زۆری بە وێنەی هونەری داوە و بەشێک لە ئیستاتیکای شیعرییەکانی لە ڕێگەی چێکردنی وێنەی هونەرییەوە بەرجەستە کردووە.
3- شاعیر لە دروستکردنی وێنە هونەرییەکانی وەکو سەرجەم شاعیرانی کلاسیک پشتی بە هونەرەکانی ڕەوانبێژی بەستووە، بەڵام وێنە هونەرییەکان مۆرکی تایبەتی و داهێنانی شاعیریان پێوە دیارە.
4- شاعیر خەم و ئازار و نەهامەتییەکانی ژیانی خۆی، لەشێوەی جوانترین تابلۆی هونەریدا پێشکەش کردووە، کە شیعرەکانی بوونەتە ئاوێنەی باڵانمای ژیانی شاعیر.
5- شاعیر لە وەسفی یارەکەیدا چەندین وێنەی هونەری ناوازەی دروستکردووە، کە بەجوانترین شێوە جوانییەکانی یاری دەرخستووە و ڕادەی خۆشەویستی خۆی بۆ دەرخستووە.
6- شاعیر لە شیعرەکانیدا سروشت و هەستی نەتەوایەتی تێکەڵ بە یەکتر کردووە، بۆ دەربڕینی ئەم مەبەستەش سوودێکی زۆری لە وێنەی هونەری وەرگرتووە، کە جوانییەکی تایبەتییان بە شیعرەکان بەخشیوە.

**References:**

1-Aso Omer Mustafa, (2007), an aesthetic of poetry by PiraMard and Sheikh Nuri Sheikh Salih and Goran), master's letter, Salahadin University, Erbil.

2- Dilshad Ali Muhammad, (1998), construction of the Kurdish poetry, Ranj printing house, Sulaymaniyah.

3- Dilshad Ali Muhammad, (2007),Dilan and Testing of poetry, Printing and Publishing Institution, Sulaymaniyah.

4- Dler Ahmed Qaradaghi, (2002), picture of the poem by Nali, G.Raman, n.74, Erbil

5- Sherzad Hassan, (2001), in praise of literature, Ministry of Education press, Erbil

6- Abdullah Khdr Mawlud, (2004), a study of Hamdi poetry, Cultural Printing Press Erbil,

7- Fazil Majid Mahmud, (2007), Nature in Goran Poetry, Sardam Printing and Broadcasting Agency, Sulaymaniyah.

8- Faqe Qadiri Hamwand, (1980), Poetry Collection of Faqe Qadiri Hamwand, Collection: Mala Abdulkarim Mudaris and Fatih Abdulkarim, Iraqi Information Society Press, Baghdad

9- Kasas Jabari, (2008), Kirkuk and Kurdish poetry movement, Sardam Printing and Broadcasting Agency, Sulaymaniyah.

10- Kamal Mirawdali, (2005), Philosophy of Beauty and Art Estatika, Qani Printing Hous, Sulaymaniyah

11- hawzhin Slyawa , (2009) building an art painting in the poetry of Sherko Beksa, Sardam Printing and Broadcasting Agency, Sulaymaniyah

12- Badr Mohammed Al-Ansari (1998), Optimism and Pessimism Concept, Measurement and Belongings, 1st Edition, Kuwait University Press, Kuwait

13- Bushra Mousa Saleh (1994), The Poetic Image in Modern Arab Criticism, 1st Edition, Arab Cultural Center, Beirut

14-Al-Jahiz (1965), Al-Haywan, edited by: Abd al-Salam Muhammad Haroun, vol. 3, 2nd edition, Mustafa Al-Halabi Press, Egypt

15-Deir al-Malak (1982), Muhsin al-Taymish, Dar al-Rashid Publishing, Baghdad

16- C.D. Lewis (1982), The Poetic Image, T.D.Ahmed Nasif, Malik Miri and Salman Hassan, Gulf Printing and Publishing Corporation, Kuwait

17-Saleh Abu Became (1979), The Poetic Movement in Palestine 1948-1977, Al-Arabiya Foundation